مەندەلاوی داوا لە لایەنەکان دەکات پەلەبکەن لە دیاریکردنی کەسێک بۆ پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران



موحسین مەندەلاوی" سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران بۆ وەکالەت، داوای لە لایەنە پەیوەندیدارەکان کرد، کاندید بۆ پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران خێراتر بکەن.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران بۆ وەکالەت لە بەیاننامەیەکدا باڵاویکردەوە: لەمیانی بەشداریی "مەندەلاوی" لە دانیشتنی دیالۆگدا کە بۆ ئامادەبوونی"عەمار حەکیم " سەرۆکی ھێزی حیکمەی نیشتیمانی و ژمارەیەک لە سەرکردە سیاسیەکان لە بەغدا بەڕێوەچوو، داوای لە لایەنە سیاسییەکان و ھاوپەیمانییەکان کرد کە بەپەرۆشەوە پەلەبکەن لە کاندیدکردنی بەرێزێرک بۆ پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران و ھەکبکەون،بۆ ئاماژەدان بۆ گرنگی ئەم پرسیە لە تێواوکردنی سەرکایەتی ئەنجومەن و تێپەاندن و دانانی یاساکان و کە پێداویستی و خواستی ھاووڵاتی لە ماوەی وەرزی ئەم خولە دابین دەکەن.

بەپێی بەیاننامەکە "مەندەلاوی" جەختی لە پێویستی پاراستن و بەھێزکردنی میکانیزم و ھەماھەنگی ڕاستەوخۆ و کاریگەر کردەوە لە نێوان دەسەاتی یاسادانان و جێبەجێکردن، و کاریگەریی ئەرێنییەکانی لەسەر خێرایی یاسادانان ، بوژاندنەوەی ئیدای چاودێریکردنی پەرلەمانتاران و پشتگیریکردن لە جێبەجێکردنی بڕگەکانی بەرنامەی حکومەت.